## هەڵکەوت زاهیر، راوێژکاری سەرۆکی حکومەت بۆ کاروباری هونەری:

# یاسای پاراستنی بەرهەمی هونەرمەندان لەبەردەستی حکومەت و پەرلەمانەو دەردەچێت



**خەبات- بەرهەم شێخ عزەدین**

**هونەر ئەمڕۆ بۆتە لایەنێکی گرنگ لەژیانی رۆژانەی خەڵکو سەرجەم کۆمەڵگاکان،هەر بۆیەش هەر تاکێک بەپەرۆشەوە بەدوای هەواڵو باشترین کاری هونەری دەگەڕێن،بێگومان لەهەر شوێنێک کار بکرێ هەڵەو کەموکوڕی دەبێت و هاولاتیان گلەییان دەبێت، بەڵام هەموو شتێک نیسبیە سەد لەسەد نیە. هەربۆیەش لەکوردستان لەگەڵ سەرجەم ئەو کارە هونەرییانەی دەکرێ.بەڵام هاولاتیان و بگرە،بەشێک لەهونەرمەندانیش گلەییان لەکاری هونەری و میهنەکەی خۆیان هەیە. بۆزانینی هۆکاری ئەو بارودۆخەی دنیای هونەر تێی کەوتووەو چارەسەری کەم و کوڕییەکان،بەڕێز هەڵکەوت زاهیر راوێژکاری سەرۆکی حکومەت بۆکاروباری هونەری بەم جۆرە بۆمان دوا:**

*** ئەو شپرزەیە لەبواری هونەردا هەیە بەڕێزت بۆچی دەگێڕیتەوە؟**

- بەڵێ شپرزەی هەیە لەبەرئەوەی کارەکان تاکو ئێستا بەشێوەیەکی پرۆفشناڵ بەڕێوەنەچوون. ئەمیش بەهۆی نەبونی کەرتی تایبەت و نەبونی کەسانی زاناو پسپۆر لەسەرجەم بوارەکانی هونەر بەگشتی کەسانێک دێن بەپێی توانای خۆیان کاردەکەن رەنگە کارەکەیان سەرکەوتووبێت یانیش نا.. ئەمەیان گیروگرفت دروست دەکات بۆ لایەنە پەیوەندی دارەکانی هونەرکە سانسۆرێک نیە کەسانێکیش کە کارناکەن دەبنە مایەی گلەی و گازندە لەم رووەوە گەر لەسەرەتاوە یاسایەک هەبووایە بایەخ بدرایە بەکەرتی تایبەت پێم وایە، هونەر بەو بارودۆخەی ئەمڕۆ نەدەگەیش بۆنموونە یەکێک داوای هاوکاری دەکات کاری کردووە مستەحەقە وەری دەگرێت یەکێکیش کاری کردووە بەڵام ناموستەحەقە هەروەری دەگرێ!! ئەمە بۆتە هۆی شێواندنی ئەم بوارە،ئێمە کارمان بۆکردووە انشاالله چارەسەری دەکەین.

*** دەمەوێ بپرسم بۆ بڕیارەکانی حکومەت جێبەجێ ناکرێ دەربارەی هونەر بۆ نمونە بەرهەمی هونەرمەندان؟**

- بەڵێ راستە من لەگەڵ دەست بەکاربوونم کۆنفرانسێکم بەست دەربارەی پاراستنی بەرهەمە هونەرییەکانی هونەرمەندان،ئێستا لەبەردەستی حکومەت و پەرلەمانەو کارمان بۆ کردووەو کاری جدی تری بۆ دەکەین ئەم یاسایە دەردەچێت بۆ پاراستنی بەرهەمە هونەرییەکان وەکو هەموو ولاتانی دنیا.

*** پێت وانیە گەر دەستگایەکی هونەری هەبێت سەربەحکومەت زیاتر دەتوانن کۆنترۆڵ بکەن و کاری باشتریش بکەوێتە بازاڕەوە؟**

- نا ئەمە نا چونکە لەهیچ شوێنێک نیە سانسۆری هونەری هەبێت،هەرکەس خۆی ئازادە کاردەکات،بەڵام وەکو گوتم گەر کەرتی تایبەت هەبوو ئەوا دەکەوێتە ئەستۆی ئەوان چی کارێک دەکەن و کام کار بڵاو دەکەنەوە،ئەو کاتەش هەرکەرتێک یان کۆمپانیایەک هەوڵ ئەدات باشترین کار بڵاو بکاتەوە.. دواتریش میدیاکان ئازادن چی بڵاو دەکەنەوە.

*** زۆر گلەی دەکرێ کەمیتۆدێکی زانستی ئەکادیمیمان نیە بۆ شیعر و ئاوازو گۆرانی شێوەکانی مقام و ناوچە جیا جیاکانی بۆکاری بۆ نەکراوەیان بۆنیە؟**

- لەسەرەتا لەکوردستان کەسانێکی شارەزاو پسپۆرمان نەبووە کەبێت،بتوانێت بنەمایەکی سیاغەی دەستوری هونەری دروست بکات،ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە نەبوونی ئەو سیستەمەیە کە لەهەموو مەجالە هونەریەکان بەتایبەتی دێینە سەر موزیک و سینەما شانۆ بەتایبەتی تر موزیک.بەڵام ئەمڕۆ ئەو سنورە شکا لەبەینی هەموو دنیا ئێستا ستایل هاتۆتە ئاراوە،هەر کەسێک کاردەکات هەرستایلێک هەڵدەبژێرێت ئەتوانێت کاری لەسەر بکات و ئازادە راستە هەندێ موزیک بۆنو تامی فارسی و تورکی و ئەوروپی لێ دێت،بەڵام ئێمە سەرەتا ستایلێکی تایبەتمان نەبووە راستە ئێمە خاوەنی فۆلکلۆروکلتوری دەوڵەمەندین کە دەکرێ جوانی بکەین،هەرچەندە هەندێ هونەرمەند کار لەم بوارە دەکەن جێگای رێزو خۆشەویستی و مایەی دەست خۆشین. کتێبیش هەیە بۆفێربوونی مەقام کۆمەڵێک خەڵکی گەنجو باش کاریان کردووە،بەڵام پێویستمان بەکتێبی زیاتریش هەیە.

*** ئەی بۆ کار بۆدروستکردنی دەزگایەکی هونەری ناکەن؟**

- بەڵێ کارمان بۆکردووەو ئەمە پڕۆژەیە،دەمانەوێت دەستگایەک دروست بکەین تایبەت بەکاری هونەری و سەرجەم یاساکانی هونەر لەوێوە دەربچێت،بەڵام کاتیشی دەوێت ئەما وائاسان نیە گەر ئەمەبوو ئەوسا کاری باش دەکرێ.

*** خەڵک و هونەرمەندان گلەی لەمیدیاکان دەکەن دەربارەی بڵاو کردنەوەی بەرهەمی کرچوکاڵ، تۆ دەڵێی چی بۆسنورێک بۆ ئەمە دانانێن؟**

- بەڵێ گلەی هەیە منیش گلەیم هەیە وەکو خۆم نا بەڵکو وەکو کارەکە،کارێکی خراپ و نابەجێ دەبینم پێم ناخۆشە میدیاکان کەناڵەکان حکومی نین و حیزبین ئێمە ناتوانین فەرزی بکەین لەسەریان،بەڵام ئەتوانین قسەیان لەگەڵ بکەین،دەبێ ئەوان فلتەریان هەبێ و لێژنەی پسپۆریان هەبێت..هەندێ کەناڵ کاری باش دەکەن وەکو زاگرۆز دەبینم کاری باش دەکەن و گۆڕان دەکەن ئومێدم هەیە کەناڵەکانی دیکەش بەم جۆرە بن و سەرکەوتوو بن.

*** جگە لە موزیک و گۆرانی،ئەدی بۆ لایەنەکانی دی هونەری وەکو سینەماو شێوەکاری چیتان کردووە بەتەمای چین؟**

- بەڵێ بۆسینەما هۆڵێک خەریکین دروست دەکەین بەناوی ئۆسکار هەموو لایەک ئاگادارن،لەگەڵ ئەمەش دەمانەوێت کادرو خەڵکی پسپۆر دروست بکەین بۆ بواری سینەما بۆ پێش کەوتنی سینەما لەدەرەوە خەڵکمان هێناوە.. هەروەها بۆ هونەری شێوەکاری بەم زووانە گەلەرێک دروست دەکەین بەناوی گەلەری(چوارچرا)کە هونەرمەدانی شێوەکار دەتوانن کاری تیا بکەن و هەر لەوێش لەبەشێکی دی بەرهەمەکانیان بفرۆشن ئەمەش شێوازیکی تازەو ئەوروپیە.

*** بۆ دەربازبوون لەو کێشانەی باسمانکرد چارەسەر چییە؟**

- بەڵێ بەڕاستی ئەمە گرنگە بەبۆچونی من کێشە هەیە راستە چارەسەری

**یەکەم:** دەرچونی یاسای پاراستنی مافی بەرهەمی هونەرمەدان ..زۆرگرفت چارەسەر دەکات.

**دووەم:** کارکردن بەدڵسۆزی بۆکاری چاکو جوان

**سێهەم:** دانانی فلتەرو لێژنەی پسپۆر لەمیدیاکان بۆ ئەوەی رێگە بگیرێت لە بڵاو بوونەوەی کاری خراپ.

**چوارەم:** بایەخدان بەکەرتی تایبەت بۆکاری هونەری کە ئەمە زۆر زەرورەو من پشتگیری لێ دەکەم. بۆسەرجەم ئەم شتانە هەنگاو هەیە انشاالله چارەسەر دەکرێن:

*** زۆر سوپاس هیچمان نەماوە، ماندومان کردیت.**

سوپاس بۆ ئێوەو داوای سەرکەوتنی زیاتر بۆ رۆژنامەی خەبات و هیوادارم بایەخی زیاتر بەلایەنی هونەری بدەن و هەوڵەکان بەبایەخەوە بڵاو بکرێنەوە نەوەکو لەزاویەو بەبچوکی زۆر سوپاس..